# من وعیمرانی کوڕی حوصەین لە پشتی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە نوێژمان کرد، ئەگەر بچووایە بۆ سوجدە بردن تەکبیرەی دەکرد، وئەگەر سەری لە سوجدە بردن بەرز بکردایەتەوە؛ تەکبیرەی دەکرد، وئەگەر هەستایەتەوە لە پاش دوو ڕکاتەکە تەکبیرەی دەکرد

لە موتەفریفی کوڕی عبداللەوە دەڵێت:«من وعیمرانی کوڕی حوصەین لە پشتی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە نوێژمان کرد، ئەگەر بچووایە بۆ سوجدە بردن تەکبیرەی دەکرد*، وئەگەر سەری لە سوجدە بردن بەرز بکردایەتەوە؛ تەکبیرەی دەکرد، وئەگەر هەستایەتەوە لە پاش دوو ڕکاتەکە (مەبەست دوو ڕکاتی یەکەمی نوێژە) تەکبیرەی دەکرد، کاتێک نوێژەکەی تەواو کرد، عیمران دەستەکانمی گرت و ووتی: ئەو نوێژی موحەمەدی بە بیرهێنامەوە -صلى الله عليه وسلم-، یان ووتی: هاوشێوەی نوێژی موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی (-بۆمان ئەنجامدا». *(تەکبیرەی دەکرد: واتا دەیووت -الله أكبر

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە ڕوونکردنەوەی دروشمی نوێژکردنی تێدایە: ئەمیش بریتیە لە دانان بە مەزنی وشکۆداری خوای گەورە -سبحانە وتعالى-؛ بە ووتنی: (الله أكبر). موتەفریفی کوڕی عبدالله دەیگێڕێتەوە کە ئەو وعیمرانی کوڕی حوصەین لە پشتی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە نوێژیان کرد، ئەگەر بچووایە بۆ سوجدە بردن تەکبیرەی دەکرد*، وئەگەر سەری لە سوجدە بردن بەرز بکردایەتەوە؛ تەکبیری دەکرد، وئەگەر هەستایەتەوە لە پاش دوو ڕکاتەکە (مەبەست دوو ڕکاتی یەکەمی نوێژە) تەکبیرەی دەکرد، زۆر لە خەڵکی وازیان لە ووتنی: (الله أكبر) هێنا بوو لەم حاڵەتانەدا، کاتێک نوێژەکەی تەواو کرد، عیمران دەستەکانمی گرت و ووتی: شێوازی عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- شێوازی نوێژی موحەمەدی بە بیرهێنامەوە -صلى الله عليه وسلم-؛ کە لەو حاڵەتانەدا تەکبیرەی دەکرد.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5275

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee